


# ڕێبەری گیرفان بۆ کڵێسا چاندن

پام ئارنۆڵد

کۆپی کردن و وەرگێران و بەرهەم هێنانەوەی و چاپ کردنەوەی ڕێگا پێدراوە لە هەر بوارێکدا



# مەبەست لە چەندین قات زیاد کردن

ئەگەر بمانەوێت کلێسا زیاتر لە دانیشتووان زیاد بکات، دەبێت چەندین قات زیاد بکەین .



ئەگەر موژدەبەرێک بۆ ڕۆژێکدا موژدە بداتە ١٠٠٠ کەس و بەردەوام بێت، ئەوا پێویستی بە ٣٧٠٠٠ساڵ هەیە تاکو هەموو جیهان ڕزگاری بێت.

بەڵام لە لایەکی دیکە ئەگەر قوتابیان یەک کەس بکەنە قوتابی و ئەویش خەڵکی دیکە بکاتە قوتابی، لە ئەنجامدا پرۆسەی قوتابی کردن بەردەوام دەبێت و ئەوا بە ٣٧ ساڵ هەموو جیهان موژدەی پێدەدرێت.



# دڵمان

## سانا

تۆ دەتوانیت بیکەیت، پرۆسەکە زۆر سانایە، لاوو پیر، خوێندەوار و نەخوێندەوار، شارستان و لادێیی، شەرمن و بوێر، شارەزا و دەسپێک، تۆ دەتوانی کاریگەری زۆرت هەبێت بە چاندنی کڵێسای سادە کە کڵێسا دەچێنێتەوە.

## برینەوەی لێوار

تۆ دەتوانیت کاریگەری زۆرت هابێت لەسەر ئەوانەی لە خودا دورن! چاندنی کڵێسای بەرهەمهێن کاریگەرترین ڕێگایە بۆ گەیاندنی موژدەی عیسا ، ئەمەش بە بەڵگەی تۆمار کراوە.

## مەشقی خێرا

دەکرێت ببیتە بەشێک لە چیرۆکی خودا، سەرکێشی مزگێنی! کە دەست ئێدەکات و کڵێسا دەگاتە ئەوپەڕی پرۆسەی کڵێسا


چاندنی خۆی، بەڕاستی ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی کڵێسا چاندن لەدەست دەردەچێت.

ڕاستە ئێمە جڵەوی پرۆسەکەمان نامێنێت، بەڵام ڕوحی پیرۆز بە دڵنیاییەوە جڵەوی بە دەستە.

## ڕەنگین و جوان

دەتوانیت لە هەر شوێنێک و لەگەڵ هەموو کەسێک بیکەیت!

کڵێسا سادەکان لە نێو خەڵکێک دەستی پێکرد کە جیاواز بون لە ڕوی نەتەوە دەربڕینی کەلتووری جیاواز. لە زانکۆکانی ئەمریکا و خەڵکی نەخوێندەوار و لادێییەکانی ئەفریقا و شارە گەوراکانی ئاسیا و لەسەر کارەکان و چاپخانەکان، هەر شوێنێک خەڵک تیایدا بە ئاسایی کۆدەبێتەوە،لەو شوێنەدا دەتوانن لەگەڵ عیسا کۆببنەوە کڵێسایان هەبێت.






## کردار کردار ڕادەکێشێت

تۆ ئێستا بە بنەماکانی ئینجیل دەژیت، نمونەی کڵێسای بەرهەمهێنن ڕاستەوخۆ لە ئینجیل و پەرتووکی کردار هاتووە. ئەمەش بە پێی کتێبی پیرۆزە.

## لەسەر ژیانی نائاسایی بە

بەشێک لە ستراتیجیەتێکی خزمەت کە بەردەوامە! خزمەتێک دەست پێ بکە کە خۆماڵیەکان بەهێز بکات و تۆش ڕۆڵت هەبێت، تۆش کارێک بۆ گوزەرانی خۆت بکە وەک پیشەگەر دەکرێت.






# پێنج هەنگاو

## ١- دوعا بکە

دوعا بکە تا ئەو ئاستەی دەگرێییت بۆ ئەو خەڵکە.

بەڕۆژووبە و دوعا بکە. پیاسە بکە و دوعا بکە . داوا لە خودا بکە تا بتوانی ئەوە ببینی کە خودا دەیبینێت و هەست بەوە بکەیت کە ئەو هەستی پێ دەکات.

دوعا بکە بۆ ژن و پیاوەکانی ئاشتی کە دەرگا دەکەنەوە بۆ دڵ و مێشکی ئەو کەسانەی تۆ موژدەیان دەدەیتێ. دوعا بکە بۆ تێگەیشتن و خۆشەویستی کەلتوور. دوعا بکە بۆ خودا تاکو ستراتیجییەکی تایبەتت بداتێ.






## ٢- دیتن

برۆ خەڵک ببینە لە شوێنی خۆیان. بەوانەوە بنوسێ کە عیسا ناناسن . لە قەوارەی مەسیحی برۆ دەرەوە.

بەرەنگاری تاقیکردنەوەو ئەو پاڵنەرانە ببەوە کە وات لێ دەکات بە کارو باری گروپ خەریک ببیت کە ووزە و کاتت دەمژێت. تەماشای گیرفانی ئەو کەسانە بکە کە هیچ لە دواکەوتووانی عیسای تیادا نییە. کە خەڵک دەبینیت وایان لێ مەکە کە بێن برادەرەکانت ببینن ، تۆ برۆ و برادەرەکانی ببینە.

## ٣- بکە

قوتابی بکە و وەبەرهێنان لە ژیانی خەڵک بکە. چاوەڕوانی ئەوە مەبە تاکو ئەوان دوعای قبوڵ کردنی عیسا دەکەن یان بڵێن کە دەیانەوێ دوای عیسا بکەون، تۆ وەکو مرۆڤ وەبەرهێنان بکە لە ژیانیان. "قوتابی کردن"

شێوازی دیکەی وەسفی موژدانە. هەروەها بنیادنانی پەیوەندیەکی مانادار.

قوتابی کردن واته ناساندنی عیسا به خەڵک به شێوازێک که به شێوەیەکی تایبەت بیناسن. چاوت لەسەر خزمەتی نێو میللەتان بێت چونکه کاری خودا بەشیکه له AND ئەوان .

## ٤- کۆبکەوه

وا بکه ئەوانەی له ڕووی ڕوحییەوه کراوەن کۆببنەوه بۆ خۆشی و نمایش، ئەوانەی حەزی هاوبەشیان هەیه، یان بۆ دوعا کردن و خوێندنی وشەی خودا. هەندێک جار باشتره که خۆیان بڕیار بدەن لەگەڵ کێ کۆببنەوه و له کوێ و کەی. چاو بخه سەر چیرۆک و ووتەکانی عیسا، چاوەڕێ مەکه تاکو ئەوان بڵێن دەمانەوێت ببینه قوتابی عیسا، تۆ کۆمەڵێ برادەران دروست بکه بۆ نان خواردن کۆبوونەوه یەکێکه له باشترین ڕێگاکانی بنیاد نانی کۆمەڵگا.

عیسا دەڵێت گەر دوو یان سییان به ناوی ئەو کۆببنەوه ئەوا ئەو لەگەڵیانه. ئەمەیه کڵێسا بەشێوه هەره ئاسان و بنەڕەتیەکەی. هیچ شتێکی دیکه پێویست نییه تاکو "کڵێسا بێت" شتی زیاتر هەیه بۆ گەشەکردنی کڵێسایەکی تەندروست و



زیندوو ( بڕوانه کردار ٤٢:٢-٤٧) ، بەڵام کۆبونەوەی خەڵک سەرەتای چاندنی ئەو کڵێسایەیه.

## ٥- چەند قات زیاد کردن

پلان بۆ گەشەکردن.لەسەرەتاوه مەشق به باوڕداره نوێیەکان بکه بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاری بۆ کۆبونەوەو موژدەدان، تا دەکرێت تۆ له دواوه بمێنەوه بۆ هاندانی ئەوانی دیکه بۆ گەشه کردن و بەکارهێنانی بەهره روحیەکانیان. کاتێک قەبارەی ئەو خزمەته گەیشته ئاستێکی باش له گەورەیی، ئیتر پلان دابنێ بۆ دەست پێکردنی کۆبونەوەی نوێ.



# له نێو تۆڕی کاردا کار بکه

هانی باوەڕداره تازەکان بده بەردەوان برادەرایاتی برادەراکانیان بکەن! لەبری ئەوەی تۆ باوەڕداره نوێیەکان بهێنیه جیهانی خۆتەوه ئەوا تۆ برۆ ناو جیهانی ئەوانەوه. لەبری ئەوەی ئەوان به خۆت بناسێنی، برۆ خۆت به برادەرانی ئەوان بناسێنه له بری ئەوەی ئەوان بێنه ئەو شوێنانەی که مایەی سەرنجی تۆن

، تۆ برۆ ئەو شوێنانەی که مایەی سەرنجی ئەوانه.

زۆربەی هەره زۆری خەڵک نایانەوێت برادەره کۆنەکانیان بەجێ بهێڵن کەم هەیه وەکو خوو برادەرانیان جێ دەهێڵن، بەدوای ئەوانه بگەڕێ که دەیانەوێ تۆ و عیسا به تۆڕی برادەرانیان بناسێنن. چێژ وەرگره له پرۆسەی دۆزینەوەی گرووپی نوێی برادەران!



# زنجیرەی فێرکردن




لەبری تەنها کۆکردنەوەی خەڵک له دەوری خۆت ، چەندیین زنجیرەی فێرکردن دامەزرێنه له هێڵێکدا ، بڕوانه ٢ تیموساوس ٢:٢:" ئەوەی له منت بیستووه لەبەردەم چەندەها شایەت، به خەڵکی دڵسۆزی بسپێرەکه لێهاتووبن، خەڵکی دیکەش فێربکەن."

پۆلیس ← تیموساوس ← خەڵکی دڵسۆز ← خەڵکی دیکه

تۆ ← قوتابی تۆ ← قوتابی قوتابیەکانت ← قوتابی قوتابی قوتابیەکانت

# خەڵکی دیکە بەهێز بکە

لەبری ئەوەی کڵێسا لەدەوری خزمەتی خۆت بنیاد بنێیت، خەڵک بەهێز بکە خزمەت بکەنلە هێڵ لەگەڵ ئەفەسۆس ١١:٤-١٣: " ئەویش بە هەندێکی دا بینە نێردراو، هەندێک پێغەمبەر، هەندێک موژدەگەر، هەندێک شوان و مامۆستا ، بۆ تەواو کردنی پیرۆز کراوانبۆ کاری خزمەت، بۆ بنیادنانی لەشی مەسیح ، تاککو هەمومان بگەینە یەکێتی باوەڕ و ناسینی کوری خودا، ببینە مرۆڤێکی پێگەیشتوو، بگەینە ئاستی تەواوی باڵای مەسیح."





چاوەروان مەبە تاکێ خەڵکەکە خولێک تەواو دەکەن، بەڵکو بیانئێرە و بەهێزیان بکە با برۆن باسی عیسا بۆ خەڵک بکەن . خودا خەڵکی گەنج و نا پێگەیشتوو بە شێوازی زۆر بەهێز بەکار دەهێنێت. وا تێمەگە کە خەڵکی پێنەگەیشتوو ناتوانن باسی چیرۆکی خۆیان لەگەڵ عیسا بۆ خەڵک باس بکەن یان داوەتیان بکان تاکو دوای عیسا بکەون. لە ڕاستیدا پێویستە هانیان بدەی باسی چیرۆکی خۆیان لەگەڵ عیسا یەکسەر بۆ خەڵک باس بکەن!

ئاستێکی گەورەتری لێپرسراوی دواتر دێت، بەڵام بەردەوان ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین ئاخۆ چ جۆرە خزمەتێک گونجاوە تاکو پشتگیری کەسەکا بکەم تا بیکات.



# گروپی D

شێوازی A،B، C – زۆر گرنگە لەسەر شێوازی "A B C " بڕۆی کەبەیەکەوە کۆدەبنەوە ( بە کەیفی خۆت ناوێکی لێ بنێ) . کۆبونەوەی گرۆپی D دابەش بکە بۆ چەند یەک لەسەر سێی و بە دڵسۆزی لەسەر مەبەستی هەر یەک لەو یەک لەسەر سێیانە بوەستە. گروپەکان یارمەتیدەرن ۆ دانانی بناغەی قوتابی کردنێکی بنەڕەتی. شێوازەکە فێر بونی ئاسانە و پەیرەو کردنحشی ئاسانە و دەکرێ بگوازرێتەوەش.

## آ- داوا بکە خوا پەرستیەکی کورت و دوعا بۆ یەکتری بکرێت

١-بڵێ " چ شتێک هەیە کە تۆ سوپاسگوزاری بۆی؟" دواتر " با کاتێکمان هەبێت بۆ دوعا کردنێکی کورت و سوپاسگوزاری"



٢-بڵێ " ئایا پێویستیەکت هەیە باسی بکەیت یان گوناهێکت هەیە دەتەوێت دانی پیابنێیت"

٣-بڵێ " چی فێربوویت لە هەفتەی ڕابردوی خوێندنی کتێبی پیرۆز و چۆن دەکرێت لە ژیانتا پەیرەوی بکەیت؟"

## ب-خوێندنی کتێبی پیرۆز

به سانایی سێ پرسیار بکە:

١-ئەمە چۆن باسی عیسامان بۆ دەکات ؟

٢-چۆن باسی خۆمانمان بۆ دەکات؟

٣-ئێمە دەبێت چی بکەین لەمەڕ ئەمە؟

ژیانمان چ گۆڕانکاری بەسەردا دێت لە ئەنجامی ئەوەی فێری بووین؟

## ج- پەیوەست بوون بە دوعا کردن و گوێرایەڵ بوون


١-دوعا بک، " ئەو سێ کەسە کێیە کە دەتوانی ئەو ڕاستیانەیان بۆ باس بکەی؟" باشترە ئەو کەسانەبێ باوەڕ بن" با دوو دوو دوعا بۆ ئەو کەسانە بکەین "

٢-گوێرایەڵی " ژیانم چ گۆڕانکاریەکی بەسەردا دێت لە ئەنجامی ئەوەی فێری بووم؟ من ئیتر ......" ئەو بیرو ڕایەت لەگەڵ کەسێک باس بکە و پەیوەست بونت مۆر بکە بە دوعا کردن.

٣-پەیڕەو کردن- زۆر گرنگە لە کۆتایی بەشێکی ئەو خوێندنە ڕاهێنان بکەیت چۆن ئەو ڕاستیانەی فێری بوویت بۆ ئەو سێ کەسە باس بکەیت کە دوعایان بۆ دەکەیت.



لەوانەیە تۆ هەوڵ بدەیت خاڵی ج لابدەیت و بڵێیت کە ئەم خاڵە لەگەڵ گروپەکەی من ناگونجێت. گەر ئەم خاڵەیان لا بدەیت ئەوا کڵێساکەت بەو شیوەیە گەشە ناکات کە تۆ دەتەوێت.





## سێ ئاستی دەسەڵات



ئەگەر تۆ ئەو سێ ئاستەی دەسەڵات فێری باوەڕدارە نوێیەکان بکەیت ، ئیتر دەتوانن بڕیاری حەککیمانە بۆ خۆیان بدەن.

### یەکەم ئاست( ڕاسپاردەکانی ئینجیل)

گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکای خودا بە بەێی دەنگدان یان گفتوگۆ کردن لەسەری، خودا فەرماندەی هەرە بەرزی ئێمەیە. کڵێسا ئەو کاتە بە تەواوی چێندراوە کاتێک ئەو خزمەتە زیندووانە دەکات کە خوازراوە لە لایان مەسیح و نێردراوان لە ئینجیلدا.



### دووەم ئاست ( ئینجیل شتێکی پەیرەوکاریە و ڕاسپاردە نییە)


کەسی باوەردار ئازادە لە پەیوەست بوون بەو پەوڕەوکاریانەی ئینجیل، چونکە ڕاسپاردە نین. بەڵام ڕێگریش مەبە کە پەیرەو بکرێن چونکە نێردراوان پەیڕەویان کردووە و پەسەندیان کردووە.

### سێیەم ئاست ( نەریت شتێکی بنەڕەتی ئینجیل نییە)

داوا مەکە بە کوێری گوێرایەڵی داب و نەریتەکان بن، زۆربەی نەریتەکان باشن. تەنها ڕێگری لەو نەریتانە بکە کە کۆسپن لە ڕێگای ڕاسپاردەکانی ئینجیل.

# حەوت ڕاسپاردەی بنەڕەتی

باوەڕداره نوێیەکان فێری حەوت ڕاسپاردەی بنەڕەتی بکه ، له ڕاستیدا عیسا نزیکەی ١٥٠ ڕاسپاردەی هەبوو. بەڵام ئەم حەوته بەسە تاکو یەکێک له سەرەتادا بنچینەیەکی باشی هەبێت.



دەتوانین دواتر بچینه سەر وردەکاری زیاتر

١- تۆبه کردن و باوەرهێنان
٢- له ئاو هەڵکێشان
٣- نان لەت کردن(ژیانی هاوبەش)
٤- خۆشەویستی و گەردن ئازاد کردن
٥- دوعا
٦- بەخشین
٧- برۆ خەڵک بکه به قوتابی



هەردەم لەیادت بێت که کاری تۆ بەهێزکردنی خەڵکی دیکەیه و ئەوانیش بۆ خەڵکی دیکه و بەو شێوەیه. پەیڕەوکردنی ئەو شێوازه یارمەتیت دەدات له سەر ڕێچکەی ڕاست بێت له سەرەتاوه.

## پیشاندان

یەکێک له بوارێکدا ئەزموون یان شارەزایی زیاتربێت ئەوا به باوەرداره نوێەکان پیشان دەدات چۆن شتێک بکەن یان زانیاریەک دەست بخەن که بەرەو گوێڕایەڵی گەورەتریان دەبات. مەبەستی هەموو قوتابی کردنێک گوێڕایەڵییه بۆ ڕاسپاردەکانی عیسا.

## هاوکاری

بەوەرداره تازەکان دواتر هاوکاری باوەردارا کۆنەکان دەکەن له ڕابەرایەتی کردن. ئەو قۆناغه دەکرێ یەکسەر دەست پێ بکات له دوای ئەوەی تەنانەت یەکجار فێرکردنیان وەرگرت و زانیاریان دەسکەوت دەکرێ باوەڕداره کۆنەکان لەگەڵ



باوەڕداره نوێکان کۆببنەوەو مەشقیان پێ بکەن. باوەڕداره نوێیەکان نابێت به هەمان شێواز ئەو شتانه فێری خەڵک بکەن که باوەڕداره کۆنەکان فێریان کردن. زۆر خەم مەخۆ ئەگەر باواڕداره نوێیەکان ئیشەکانیان به چاکی نەکرد له سەرەتادا، بەردەوام لەگەڵیان کار بکه گەر دڵیانن کراوه بوو بۆ فێرکردن.



## بینین

باوەڕداره کۆنەکان تەماشای ڕابەرایەتیکردنی باوەڕداره نوێیەکان دەکەن. دەبێت باوەڕداره کۆنەکان هەر شتێک بکەن بۆ چاندنی متمانه بەخۆبوونی زیاتر بێت له دڵی باوەڕداره نوێییەکان و ستایشیا بکەن لەبەر چاوی خەڵک بۆ ئازاییەتیان له ڕاپەراندنی کارەکان له بوارێکی نوێی بەخشین به کۆمەڵگا



دواتر که باوەڕداره کۆن و نوێیەکان کۆدەبنەوە، ئەوا باوەڕداره کۆنەکان زیاتر باوەڕداره نوێیەکان بنیاد دەنێن به تێبینییەکانیان.

## دەرچوون

باوەڕداری کۆن له دیمەنەکه دەردەچێت و دەچێته ناوچەیەکی دیکەی خزمەت کردن. ئێستاش باوەڕداره نوێیەکان دەتوانن پشت به خۆیان ببەستن به خۆشەویستی و هاندانی باوەڕداره کۆنەکان بەڵام ناک پشتیان پێ ببەستن. لەم قۆناغەدا پەیوەندی باوەڕداره کۆن و نوێیەکان مردەوام دابێت بەڵام زیاتر وەک خزمەتکاری یەکسان.

لەوانەیا گەیشتن بەو قۆناغه و بڕینی هەنگاوەکان شاڵێک یان دووانی بوێت، بەڵام خاری واش هەیه که تەنها به چەند مانگێک باوەڕداری نوێ دەتوانێت پشت به خۆی ببەستێت. خێرایی گەشەکردن لەسەر بارودۆخی دەگمەن دەوەستێت. له یادت بێت که ئەوانەی هێشتا بێ باوەڕن و کراوەن بۆ فێرکردن ئەوا زۆرجار دەتوانن فێرکردنێکی باشی کتێبی پیرۆز وەرگرن هەرچەندە هێشتا به تەواوی تێناگەن.

**All Nations Family, Inc.**
**PO Box 55**
**Grandview, MO 64030**
**(816) 216-1353**
**www.allnations.us**
**info@allnations.us**

Find out more:

To order more copies of this booklet or to find out how you can get started, contact us!

All Nations Family, Inc.

P.O. Box 55

Grandview, MO 64030

816-216-1353

www.allnations.us

info@allnations.us